12/03/2006 **به بۆنەی8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن**

سەر لە ئێوارەی شەمە ڕێکەوتی 04/03/2006 لە مەراسمێکی شکۆدار بەبۆنەی ڕۆژی ژنەوە لە لۆکاڵی خانەی ڕۆشنبیری حیزبی شیوعی عێراقی،مەراسمی جەژنو خوشی بە بەشداری چەند کۆڕو کۆمەڵ و لایەنی سیاسی بەڕێوە چوو، ژومارەیکی بەر چاو لە ژنان و پیاوان و لاوان کە بە نزیکی 250کەس دەگەیشتن لەو شەوەدا ئامادە بوون، و بو بە شادیی و هەڵپەرکێ، و بە هاوکاری گروپی موزیک و هونەرمەندان تا ئاخری شەو درێژەی هەبو و بە شیرینی ، میوە و ساردی پەزیرایی کرا لە بەشداربوان ، بەرنامەکە بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە ژنانی لە دەست چوو و بێ ماف لە دونیادا دەستی پێ کرد،پاشان پەیامی هاوبەش پێشکەش کرا و  چەند شێعرو پەخشان خوێندرایەوە، پێویستە بڵێین کە لە یۆتۆبۆری لیژنەی بەڕێوەبەری رۆژی ژن ، یادی حەڵەبجە و نەورۆز پێکهاتووە و بەڕێوە دەچێت لەحیزبەکان و کۆڕو کۆمەڵە کوردیەکانی بەشدار بو لەم شارە و بریتین لە:

1. کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
2. یەکیەتی نیشتمانی کورستان
3. پارتی دیموکراتی کوردستان
4. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
5. پارتی سوسیالیستی کورد لە تورکیە
6. حیزبی کوردی فەیلی

* ABF

* کۆمەڵەی کولتوری کوردستان * بروسکەی رۆژهەلات * سوسیال دیموکراتی کورد لە یوتوبوری * کۆمەڵەی ژنان کورد فەیلی * کۆمەڵەی کورد لە یوتوبوری * یەکیەتی کوردان * کۆمەڵەی ژنان کورد لە یوتوبوری * کۆمەڵەی ئاشتی و دیموکراسی بۆ کەرکوک * کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان* کۆمەڵەی دەماوەند  * کومیتەی ڕێفراندوم *کولتور سەنتەر * ناوەندی کولتور و خوێندنی کوردی * کۆمەڵەی بێستون

پەیامی هاوبەشی هێزە سیاسی کان و کۆمەڵە کولتوریەکان هەشتی مارس ئەو پەیامە مۆدێرنە بوو کە ئازادی ژنانی تیا بەر جەستەکراو ، بووە رووی وەرچەرخانی مێژوو لە سەر تا سەری جیهاندا. کێشەی ژن لە هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا بە

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕاوەی جیاواز خۆی نواندووە. لێرەوە ئەتوانین بڵێین کە ژن مێژوویەکی کۆلۆنیکراوە، هەر وەکوو جەستەو بیرو مێشک و دەرونی. ژن دەتوانێ بە ئازاد کردنیدەروون و جەستەی خۆی و ئازاد کردنی مێژووی خۆی ئەو مانایەبدۆزێتەوە کە ژنان لێ دەخوازن . مرۆڤ ئەو ناوەیە کە لە بوونەوەری نێر و مێ نراوە، کە واتە ئافرەتیش مەحکومە بە ئازادی ، بەڵام ئەو ئازادیەش لە خۆڕا دروست نابێ ، ئەگەر هەموو ژنێک ئەو ڕاستی یە زانستی یە بزانێ کە لە ڕووی فێزیکی و عەقڵی یەوە ژنان لە پیاوان بە هێزترن ، وەک فیزیۆلۆژی ئەمریکی دکتور ئێلیوت ئەڵێ : گومان لەوە ناکەن کە ئەوەی سروشت بە ژنی بە خشیووە نەک کەم و کوڕیتیا نی یە ، بەڵکو خاڵێکی بە هێزە بۆ ژنان . ئەو هێزی کە سروشت بەژنی بەخشیوە ناڕەوایی و ناداد پەروەری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایینی لێیانی سەندۆتەوە . بۆیە بە پێویستی ئەزانین کە ئاماژە بەوە بکەین، کە لە هیچ کۆمەڵگایەکی دنیا دا ژن هاو پایەی پیاو نی یەو ، بە شێوەیەکی گشتی پلەی سیاسی ، ئابوری، کۆمەڵایەتی ، زانستی و کولتوری پیاوان بە هێزترە لە ژنان . هەر بۆیە ئەبێت بە هەموو توانایەی و بە مکانیزمی جیاواز هەوڵ بدەین کە ئاراستەی سیستەمەکان بگۆڕین کە ڕۆڵی گرنگیان هەبێت لە بەخشینەوەی هێز بۆ ژنان ، ئەمەیە کە دەبێت ژنان خەباتی بۆ بکەن نەک سازشی لە سەر بکەن .

هەر بۆیە گرنگی هەشتی مارس لەوە دایە کە ژنان بتوانن نەخشەیەک بۆ ئازاد بوونی مێژوویان بکێشن ، مەبەستە ئەوی نووسینەوەیەکی بە دەستی ژنان، ڕەنگاندێتی بەڕەنگی ژنان،جوانکردنێتی بە تواناو هێزو هۆشی و بیری ژنانە ، مێژووی ژنان تەنها بەوە جوان دەبێتەوە کە ئافرەتان پڕن لە ئامادەیی و بەر پرسیارێتی و ڕوو بەڕوو بوونەوە و یاخی بوون .

کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمتکێشانـــی کوردستانی ئیران

**کومیتەی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە شاری (یوتوبوری)**

Committe of komala in Göteborg

Tel + Fax : 0704 905 812 Mobil : 0704758070

Adress : Box 101 post nr 424 23 Angered Göteborg

E . mail : komala.gbg@gmail.com Postgiro : 384045 - 1

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com